ژمارە: ٧ No:

ڕۆژ: ٢٠١٦/٥/٣١ Data:

بڕیاری ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠١٦

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی بیست و هەشتەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٥/٣١، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣١) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بە دەنگی (٢٨) ئەندام، لەسەر پێشنیازی کۆنووسی پارێزگای سلێمانی/ بەڕێوەبەرێتیی کاروباری یاسایی بە نوسراوی ژمارە (٢١١٧) لە ٢٠١٦/٢/١٧و، سەرۆکایەتیی شارەوانیی سلێمانی بە هەردوو نوسراوی ژمارە (١٢٧٢٦) لە ٢٠١٤/٦/٢٢و ژمارە (١٦٦٧٩) لە ٢٠١٥/١١/١٦و، بەڕێوەبەرێتیی ناحیەی بەکرەجۆ لیستی تایبەت بەناوی کەسەکان بە نوسراوی ژمارە (١٧٦٨) لە ٢٠١٤/٦/٥، بڕیاریدا بە:

١. تەرخانکردنی (٢٠٠) پارچە زەوی بۆ دانیشتوانی گوندی قولەرەسی سەرو کە لە لیستی هاوپێچدا دیاریکراوە، وەک قەرەبووکردنەوە بەپێی یاسا.

٢. ئەم بڕیارە لەلایەن پارێزگای سلێمانی و سەرۆکایەتیی شارەوانیی سلێمانییەوە دوای (١٥) ڕۆژ لە دەرچوونی جێبەجێدەکرێت.

- لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (٣١) مانگی (٥) ساڵی (٢٠١٦)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی